# نا بۆ دەستووری شۆڤێنزمی قومپەرستیو ئیسلامی!

پێشنووسی دەستووری عیراق دوای کیشمەکێشێکی زۆری نێوان هێزە ئیسلامی و قەومی و تایەفەیی و عەشیرەییەکان سەرئەنجام 2005/8/28، بە نوقصانی ڕیککەوتن. هەلومەرجی ئێستای عێراق لەباری ئەمنیو سیاسیو کۆمەلایەتیەوە هەلومەرجی نوسینی دەستور نیە. دەستور لە هیچ کوێی دنیا بە ئەمری داگیرکەران نەنوسراوە، لەهیچ کوێی دنیا دەستور لەسایەی جەنگی تیرۆریستیو نائەمنیو شەرو کاولکاریو نەوبنی خزمەتگوزاریو برسێتیو نەبونیو سەرکوتو زاڵ بونی میلیشاکاندا نەنوسراوە. ئەم دەستورە دەستوری بردنی کۆمەڵگای عێراقە بەرەو هەلدیری جەنگی قەومیو تائیفی، دەستوری بە کۆیلە کردنی ژنانو لاوانو منداالنە، دەستوری حیجابو بورقعو خەتەنەکردنی ژنانە. دەستوری سەرکوتی ئازادی سیاسیو ئازادی بیروڕایە، دەستوری ڕەشی ئیسلامی سیاسیيە، دەستورێك کە لەهەلومەرجێکی ئاوا نالەباردا دەنوسرێت، ڕاستەوخۆ مانای زەوتکردنی ئیرادەو بڕیاری خەڵکی عێراقە. ئەم دەستورە ئەگەر سەر بگرێت، نەك وەلام بەکێشەکانی خەڵکی عێراق ناداتەوە بەڵکو، کێشەکانی خەڵکی عێراق لە فراوانبونەوەی شەری تیرۆریستیو نائەمنیەتو شەری قەومیو تائیفی فراوانترو قولتر دەکاتەوە.

خەڵکی ئازادیخواز و ئینسان دۆست!

بەم دەستورە هێزە ئیسلامیو قەومیەکان بە هاوپشتی ئەمەریکا، دەیانەوێت، سیاسەتو کرداری کۆنەپەرستانەو سەرکوتکەرانەی دووساڵی ڕابوردو بکەنە دەستورو یاسا. دەیانەوێت خەلکی عێراق بەپێی هەویەی کۆنەپەرستانەی شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و مەسیحیو یەزیدی دابەش بکەن .... هتد، دەیانەوێ ژنان کۆیلە ڕابگرنو بەکۆمەل کوژیان بکەن، دەیانەوێت جمهوریەتیکێ ئیسلامی دابمەزرێنن. با بەهەمووماناوە پێش بەم پرۆسە گالتەجارییە بگرین، نەهێلین ئەم پیلانە چەپەڵە ئەم گالتەجارییە بەسەر خەڵکی عێراقدا تێپەربێت. کێشەی خەڵکی عێراق نوسینی دەستور نیە، بەلکو داگیرکاریو کۆنەپەرستيیە، کێشەیان نەبونی ئازادی سیاسیو مافە سیاسیومەدەنیەکانیانە، کێشەیان نەبونی ئاوو کارەباو ریگاو بانو قوتابخانەو خەستەخانەیە... کێشەیان داگیرکاری ئەمەریکاو داگیرکردنی شارەکانە لەلایەن میلیشیا چەکدارەکانەوە، کێشەیان شەری تائیفیو ترسە لەشەری قەومی... وەرنو باپیکەوە بەر بەم سیناریۆ تاریکە بگرینو لەپیناو ئەو خواستانەدا کە لەسایەی دەولەتیکی عەلمانیو ناقەومیدا جێبەجێدەبیت، خەباتی خۆمان یەکگرتوو ریکخراو بکەین. حزبی ئیمە لەریزی ئەم خەباتەدا وەستاوە.

بژی جمهووری سۆشیالیستی

بژی ئازادی، یەکسانی و حکومەتی کرێکاری

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق – ڕێکخراوی فنلاندا

2005/8/31